هاواری مەرگ

بێدەنگی بەرامبەر بەخۆسوتاندنی ژنانی کوردستان

رۆئیا تلوعی*
و: هاوڵاتی

ژنێکی پانزە ساڵە، کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆی ١٨ی مایسی ٢٠٠٤ خۆی سوتاند. بیست رۆژ بەر لەمەش ئامۆزاکەی خۆی سوتاند بوو. ئەم دوو کیژە پێکەوە لەژوورێکی بەشی سووتاویی نەخۆشخانەی تەوحیدی سنە لەپێخەفدا کەوتبوون، چەند رۆژێك بەدوای ئەوەشدا هەردووکیان گیانیان لەدەست دا.

زۆربەی هەرە زۆری نەخۆشەکانی بەشی سوتاوی نەخۆشخانەی تەوحید ژنن. زۆربەی ئەم ژنانەش دان بەخۆسوتاندنی خۆیاندا ناهێنن و بەردەوام چیرۆکی هەڵبەستراوو دووبارە بۆوەی نەوت پیا رژانی چراو پیا تەقینەوەی پەرەمێز دووپات دەکەنەوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە چۆنیەتی سوتانی جەستەیان "باشترین گوزارشت لەم رازە شاراوەیە دەکات".

من لەم هەفتەیەی دواییدا رووبەڕووی ٦ حاڵەتی خۆسووتاندنی ژنان بوومەتەوە، کە دوا حاڵەتیان راستگۆترین و ئازاترینیانە. (و) ژنێکی گەنجی ١٥ ساڵە بوو کە بەهۆی خۆسووتاندنیەوە لە٩٠٪ی جەستەی سووتا بوو. ئەو چیرۆکی غەمەنگێزی خۆی بەمجۆرە دەستپێکرد: دوعام بۆ بکە تا زووە بمرم، چونکە دەمەوێ لەدەست مێردەکەم رزگارم بێت. تەمەنم ١٥ ساڵە، چوار مانگە شووم کردووە، هاوسەرەکەم بەردەوام بەکوتەك لێمئەدا، تا ئێستا پێنج شەش جار بەمشتەکۆڵەو لەقە بەر بۆتە گیانم و جوێن و سووکایەتی پێکردوم. جارێکیان وا سەری شکاندم کە تا ماوەیەك نەمدەتوانی سەرم بجوڵێنم، دوێنێش لێیدام.

لەماڵەوە تەنها بووم، هێڵی تەلەفونەکەی لێدەکردەوە، رێینەئەدا پەیوەندی بەهیچ کەسێکەوە بکەم نەماڵە باوانم و نەدەرو دراوسێکانمان. دەیوت دەبێ هەر لەم ماڵەدا زیندانی بیت، چەندین جار بەتۆراوی چوومەوە ماڵی باپم، بەڵام باپم دەیووت دەبێ بڕۆیتەوەو ژیانی لەگەڵدا بەریتە سەر. هیچ رێگا چارەی دەربازبوونم نەبوو لەم ژیانە پڕ لەمەینەتییە، لەبەر ئەوە خۆم سووتاند تا بمرم و پەشیمانیش نیم، تازە پەشیمانیش بێ سوودە، من زۆر شۆخ و شەنگ بووم، بەڵام چیرۆکی ژیانم لە١٥ ساڵیدا بەمجۆرە کۆتایی دێت.

هەفتەیەك لەمەوبەر لەڕێی حەپ خواردنەوە هەوڵی خۆ کوشتنم دا، بەڵام نەمتوانی حەپو دەرمانێکی زۆر قوت بدەم، سەرەنجام لەگەرماوی ماڵەوەماندا دوای ئەوەی مێردەکەم بەکوتەك بەر بووە گیانم خۆم سووتاند، وەختێ ئاگرم لەجەستەی خۆم بەردا ژان چووە دڵمەوە، ژنی خاوەن ماڵەکەمان هات بەهانامەوەو ئاگرەکەی کوژاندەوە، ئێستا خوا خوای ئەوەمە تا زووە بمرم، دەمەوێ هەموو دنیا بزانێت کە لەتاو ئازاردانی مێردەکەم خۆم سووتاند..

هێشتا چیرۆکی ئەم ژنە مەریوانییە کۆتایی نەهاتبوو کە ژاوە ژاوێکی تر لەبەشی سووتاویدا پەیا بوو، حاڵەتێکی دیکە لەکامیارانەوە هاتبوو، دیسان ژنێکی سووتاو کە براکەی چیرۆکی تەقینەوەی پەرەمێزی دووپات دەکردەوە..

من لەزستانی ساڵی ٢٠٠٣دا بەدوای دۆزینەوەی هۆکاری هەڵبژاردنی ئاگردا لەلایەن ژنانی کوردەوە، گشت نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی و شارەوانی و پزیشکی یاسایی و چەندین شوێن و ناوەندی جیا جیام تەی کردو لەو ماوەیەدا هێندە رووداوی کارەساتبارو دڵتەزێنم دیت کە ژانی دەخستە نێو دڵی مرۆڤەوە.

هەفتەیەك لەمەوبەر هەواڵی خۆسووتاندن و مەرگی کچێکی گەنج لەسەردەشت و خۆکوژیی ئەو کوڕە لاوەی ئاشقی بوو لەهەفتەنامەی (ئاسۆ)دا لەکوردستان بڵاوکرایەوە.

دوو هەفتە لەمەوبەریش هەواڵی دڵتەزێنی سووتاندنی ژنێك لەلایەن هاوسەرەکەیەوە لەگەڕەکی (شەریف ئابادی) سنە بڵاو کرایەوە. ئەم هەواڵانەی بڵاودەبنەوە هێشتا یەك لەدەی ئەو کارەساتانە نین کە لەڕاستیدا روو دەدەن. ئەو پرسیارە گرنگەی پێویستە بکرێت ئەوەیە کە ئاخۆ ئێستا چ هەنگاوێکی جدی بۆ رێگرتن لەکاری توندوتیژی دژ بەژنان دەنرێت؟ بۆ دەبێت ژنان لەوپەڕی بێ پەنایی و نائومێدیدا بسووتێنرێن یان پەنا بۆ خۆسووتاندن ببەن؟

هەندێك لەناوەندە یاساییی و رەسمییەکانی پارێزگای کوردستان بەهۆی شاردنەوەو رێگرتن لەراگەیاندنی ئامارو دەرخستنی راستییەکان کەمترین هاوکاری و کۆمەکییان بەرێگرتن لەخۆکوژی ژنان کردووە، بەڵام ئایا بەشاردنەوەی ئامارو راستییەکان دەتوانرێت ئەو رووداوە تاڵە کۆمەڵایەتییانە پەردە پۆش بکرێن؟ لەڕاستیدا پەردەپۆش کردن و شاردنەوەی راستییەکانو بەرەنگار نەبوونەوەی جدی دژ بەکاری توندوتیژی بەرامبەر بەژنان، رۆژ بەرۆژو هەرچی زیاتر خۆکوژیی و خۆسووتاندنی ژنانی بەدواوەیە. ئەدی بەرپرسان تاکەی دەنگیان لێوە نایەت؟

لەلایەکی دیکەشەوە پێویستە ئەم پرسیارە لەپیاوان و ژنانی ئەم کۆمەڵگایەش بکرێت کە تاکەی لەکلتورو رەفتاری خۆیاندا، توندوتیژی لەدژی ژنان بەرەواو رێپێدراو دەزانن؟ تاکەی ژنان بەهۆی نائاگایی لەمافەکانی خۆیان لەبەرامبەر توندوتیژیدا بێدەنگ دەبن و سەری خۆبەدەستەوەدان و کۆیلایەتی دادەنوێنن؟

ئەی ئایا ئەوانەی کە بانگەشە بۆ رەتکردنەوەی کنوانسیۆنی هەڵگرتنی ئاپارتهاید دژ بەژنان بەتایبەتی بەشێك لەو بەندانەی دەکەن لەرێگەی یاساوە کار بۆ پاراستنی ژنان دەکات، چ وەڵامێکیان بۆ ئەو ژنانە پێیە کە قوربانی توندوتیژین؟ دەبێ لەو ژنانە بێزار بن کە خۆیان دەسووتێنن؟ ئایا دەکرێ بیر لەهیچ رێگا چارەیەکی ریشەیی و بنەڕەتی نەکەینەوە بۆ رێگرتن لەدووبارە بوونەوەی؟ ئەی ئایا شاردنەوەو پەردەپۆش کردن دەبێتە هۆی رێگرتن لەتەنینەوەی ئەو کێشەو گرفتانەو بەردەوام نەبوونیان؟

ئەم خشتەیەی سەرەوە پێماندەڵێت کە رێژەی خۆسووتاندن لەناو ژنانەدا نزیکەی چوار ئەوەندەی پیاوانە. لەلێکۆڵینەوەیەکیشدا کە (خانمی ئەمجەدی و ئاغای گەنجی) لەساڵی ١٩٩٩دا سەبارەت بەحاڵەتی خۆکوشتن لەپارێزگای کوردستاندا کردوویانە، بەهەمان شێوە ئاکامگیرییەکەیان ئەوە بووە کە لەئوستانی کوردستاندا رێژەی خۆکوژیی ژنان زیاترە لەخۆکوژیی پیاوان و زۆربەی ئەو ژنانەش کە پەنا بۆ خۆکوژیی دەبەن لەهەرەتی لاویدان. هەروەها خۆکوژیی لەناو ژنانی شوو کردوودا باوترە لەو ژنانەی کە هێشتا کچن و شوویان نەکردووە (٦٤٪ شووکردوو بەرامبەر بە٣٦ شوونەکردوو)، خۆکوژیی لەناو ژنانی شوو کردوودا پتر بەهۆی ئازارو ئەشکەنجەی مێردەکانیانەوە بووە. ئازاردانی هاوسەر بەتایبەتی بۆ ئەو ژنانەی کە زوو وەختو لەتەمەنێکی کەمدا شوو دەکەن مایەی خەمو خەفەتو مەراقەو دەکرێ بەهۆکاری هەرە گرنگی خۆکوژیی دابنرێت.

زۆربەی هەرە زۆری ئەو ژنانەی کە خۆیان کوشتووە نەخوێندەوارن یان خوێندەوارییەکی کەمیان هەیە، بەداخەوە لەکوردستان ژنان سوود لەچەندین رەوشی توندتری وەك خۆسووتاندن لەخۆکوژیدا وەردەگرن.

مەخابن لەراپۆرتی خۆکوژیی ژنانی ئێرانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شارە کوردنشینەکان سەبارەت بەحاڵەتی خۆکوژی ژنان لەریزی هەرە پێشەوەی یەکەم تا سێهەمدان، بەجۆرێك کە پارێزگای ئیلام بەپلەی دووەمو ئوستانی کوردستانیش بەپلەی سێهەم. یەکەمین هۆکاری خۆکوژی ژنانیش بەردەوام کێشمەکێشی نێو خێزان بووەو پاش ئەوەش چەند هۆکارێکی وەك نائومێدییو هەژاری و نەبوونی بەهۆکاری سەرەکی دادەنرێن. لەپارێزگای کوردستاندا زۆربەی حاڵەتی خۆسووتاندن لەمەریوان و کامیاران روو دەدات و بەداخەوە پێشبڕکێیەکی شوم و نەگریسانەش لەنێوان ئەم دوو شارەدا لەئارادایە بۆ بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی خۆسووتاندنی ژنان.

ئەو ژنانەی کە توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێ و بەلێدان و جنێو و ئازاردان رەفتاریان لەگەڵ دەکرێت بەهۆی نائاگاییانەوە لەقانون و لەهەمانکاتیشدا بەهۆی نەبوونی پشتیوانی تەواوی قانوونیی و کەموکوڕی یاساو نەریتی دێرینەی بێدەنگی و تەحەمولکردنەوە کە ئەم یاساو رێسایانە لەکۆمەڵگای ئێمەدا بالادەستن، بەڕادەیەك دەکەونە ژێر فشاری روحی و جەستەییەوە کە جگە لە مەرگ هیچ رێچکەیەك نادۆزنەوە بۆ دەرباز بوون . ئەگەر وەك پێویست قانون لێبڕاوانە پارێزگاری لەژنان بکاتو راوێژکاران و دەروونناسان لەچوارچێوەی رێکخراوە چالاکەکانی (NGO)دا بەهاناو یارمەتی ژنانەوە بچن، بەتایبەتی ئەو ژنانەی لەپەراوێزی شارو گوندەکاندان و هەروەها شوێن و دالدەی ئەمن لەلایەن رێکخراوە ناحکومییەکانەوە بۆ دالدەدانی ژنانی بێ نەوا لەبەرچاو بگیرێت، رەنگە بتوانرێ لەرێژەی خۆکوژیی و خۆسووتاندنی ژنان تا رادەیەکی زۆر کەم بکرێتەوە. بەهیوای ئەوەی کە ئەم بێدەنگییە بەرامبەر بەخۆسووتاندنی ژنان بەتایبەتی لەکوردستاندا هەرچی زووترە بشکێنرێتو رێگاچارەیەکی راستەقینەی بۆ بدۆزرێتەوە.

* نوسەری ئەم بابەتە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لەزانستی پسیۆلۆژیا لەکۆلێژی پەروەردە لەزانکۆی سلێمانی

ریزبەند	رەوشی خۆکوژیی	پیاو	ژن	کۆ
١-	خۆسووتاندن	١٣٨	٤٥٥	٥٩٣
٢-	خۆهەڵواسین	٨٨٣	١٣٩	٩٧٩
٣-	ژەهر خواردن	٢٣٤	١٤٩	٣٨٣
٤-	خۆبەردانەوە لەبەرزییەوە	٤٢	٣٠	٧٢
٥-	خۆخستنە ئاوەوە	٨٦	٢٢	١٠٨
٦-	بەچەکی گەرم	٢٣٤	١٤	٢٤٨
٧-	بەچەکی سارد	٣٤	٨	٤٢
٨-	بەرێگای تر	١٠٩	٣١	١٤٠

ئاماری خۆکوژیی ساڵی 1998 ئەم ژمارانەمان بۆ دەردەخات

بەرگریکردن لە توندوتیژیی ناو قوتابخانە بەرگریکردنە لەئیستبداد

وەڵامێك بەوتاری ((سزانەدانی قوتابی لەنێوان سەپاندن و پراکتیکدا)) لەلایەن م. یوسف یونس لەژمارە ١٧٩ی هاوڵاتیدا بڵاوکراوەتەوە

سامان ئەحمەد

منداڵیی ئەو قۆناغەی کە دەبێت هیچ جۆرە توندوتیژییەکی دەرهەق نەکرێت

مامۆستا یوسف هەر لەسەرەتاوە بۆ سەلماندنی بیروڕای خۆی سەبارەت بە دیاردەی توندوتیژی و سزادانی منداڵان لە قوتابخانەکاندا پێی وایە مرۆڤ و سزادان تەواوکەری یەکترین و لە هەر شوێنێك مرۆڤ هەبێت سزادانیش هەیە ، هەربۆیە بریارێك کە بیەوێت ئەم دیاردەیە لە قوتابخانەکاندا قەدەغە بکات دەبێت بە پرۆسەیەکی قورس و پڕکار و مەسئولیەتدا تێپەڕێت و دەبێ ڕای نووسەر و ڕۆشنبیرانی پەروەردەیی و دەروونناسانی لەسەر وەربگیرێت و باری کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئابووری و خێزانی کۆمەڵگای کوردی ڕەچاو بکات .. دەنا ناتوانێت شایەنی پیادەکردن بێت و پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە .

لە ڕاستیدا ئەمە ئەو بیرۆکەیەیە کە بەکارهێنانی توند و تیژی بە دیاردەیەکی سروشتی و پێویست لەقەڵەم دەدات، ئەمە بیرۆکەی سیستمی خوێندنە کە توندوتیژی بەمافێکی مامۆستا دەزانێت و بەرگری لێ دەکات، پێی وایە مامۆستا جگە لە بەکارهێنانی توند وتیژی و سزادان هیچ ڕێگایەکی تر نییە کە پەنای بەرێتە بەر بۆ وەڵام دانەوە بە کێشەکانی ناو پۆلو قوتابخانە و ئەو کارە نەشیاوانەی قوتابی دەیکات . بەم پێیە بێت قوتابخانە وەکو ئەو سەربازگەیە وایە کە بۆ کۆنترۆل کردن و فێرکردنی زەبتو ڕەبتی سەربازی بەسەر لاواندا دەیان مەوازین و شێوازی جۆراو جۆری سزادانی تێدایە چونکە ئەو لاوانە ئامادەییو توانایی و ئیلتیزامیان لەو ئاستەدا نییە کە سوپا پێویستی پێیەتی لەڕێگای توندوتیژیو سزادانەوە ناچاریان دەکەن . ئەم مامۆستایەش بۆ ئەوەی پۆلێکی بێدەنگو گوێگرو سەعیکەرو قوتابخانەیەك کە مامۆستا تیایدا سەروەرو پیرۆز بێت پێویستی بە بەکارهێنانی توندو تیژی هەیە . ئەمە بیرۆکەو عەقلیەتی دەسەڵاتێکی ئیستبدادییە بۆ کۆنترۆڵ کردنی تاکەکانی کۆمەڵ بەسیستمی خوێندن یان سەربازی یان زیندان و...هتد. سیستمی خوێندن و ئەو مافانەی ئەو سیستمە بە مامۆستا و بەڕێوەبەرو دەزگا بەڕرسەکانی داوە سەرچاوەی بەکارهێنانی توندو تیژیە لەقوتابخانەدا ئەم سیستمومافانە جگە لەسیاسەتو عەقلیەتی هێزی دەسەڵاتدار هیچ پەیوەندیەکی بە باری کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئابووری و خێزانی کۆمەڵگای کوردی (یان عێراق)ەوە نەبووە و نی یە هەروەکو هەموو سیستمی سەربازی و قانونەکانی تری ئەحوالی شەخسی و عقوبات و... هتد . حزبی ناسیۆنال فاشیست و دەسەڵاتە ئیستبدادەکەی بەعس سەرچاوە و بریاردەری ئەو سیستم و قانونانە بووە کە تا ئێستاش بە نەگۆڕی لە کوردستاندا درێژەی هەیە. دەنا ئەگەر دەسەڵاتێکی مەدەنی و سکۆلار و سیستمێکی زانستیو ئینسانی خوێندنو پەروەردەکردن لەعێراقدا هەبوایە نەمامۆستایان نەقوتابیان مەیلوئارەزووی کێشەو کاری نەشیاوو بەکارهێنانی توندو تیژی ناکەن .

من لێرەدا بە زەرووری نازانم بێمە سەر باسی سیستمی خوێندن ئەوە باسێکی فراوانترە، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە دیاردەی توندوتیژی ناو قوتابخانەو چۆنیەتی هەڵوێست گرتنو کۆتایی هێنانە بەم دیاردەیە .سڵەمینەوەو تێڕامانی مامۆستا یوسف لە بریاری سزانەدانی قوتابی بەو دەلیلەی مامۆستا ڕووبەڕووی سزا دەکاتەوە لە جێی خۆیدا نییە. هەموو بریارو قانوونێك پێویستی بەجێبەجێ کردن هەیە ئەگەر کەسێك پەیڕەوی نەکات پێویستە ڕووبەڕووی لێپرسینەوە بێت. ئەمە مەنتیقێکی سادەی جێبەجێ کردنە ئەوەی لێرەدا گرنگە ناوەڕۆك و ماهیەتی بریارو قانونەکەیە ئایا ئینسانییە یا نائینسانییە پێشکەوتوخواز یا کۆنەپەرستانەیە؟ ئەگەر دیاردەی توندوتیژی لەقوتابخانەدا دیاردەیەکی نائینسانیو کۆنەپەرستانەیە ئەوا بێگومان خواستو بریاری قەدەغەکردنو کۆتایی هێنان بەم دیاردەیە خواست و بریارێکی ئینسانی و پێشکەوتووانەیە، ئایا ئەو بیرکردنەوەو خواستەی مامۆستا یوسف دواکەوتووانە نییە کە دەڵێت : ((ڕوونە لای هەمووان کە تۆڕە بوون غەریزەیە .. جا کەتۆڕە بوون مافی هەمووان بێت بۆ بەتەنها ئەومافە لە مامۆستا زەوت دەکەن ..)) داوای مافی تۆڕەبوونو توندوتیژی مامۆستایان لەبەرامبەر منداڵاندا دەکات. بەڵام لای هەمووان ڕۆشنە لە لای منداڵان ئەو کەسانەی ئازاری جەستە و دەروونییان دەدەن کەسانی ڕەزا قورسو ناشرینو خۆشیان ناوێنو حەزیش ناکەن ئەوانە مامۆستایان بنو گوێیان لێبگرن تەنانەت بشیان بینن. هەربۆیە سەرپێچی لە خواستو بریارێکی ئاوا (ئەگەر بە کردەوە هەبێت) لە ژێر هەر بیانوویەکدا بێت بەرگری کردنە لە سوننەتو ڕەوشتێکی دواکەتوو نائینسانی نەك تەنها لە ڕووی یاساییەوە بەڵکو لە ڕووی ئینسانیو لای منداڵانیش مەحکومەو دەبێ لە دادگادا ڕووبەڕووی لێپرسینەوە و سزا ببێتەوە .

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئاکامەکانی سزانەدانی قوتابییە کە مامۆستا باسی دەکات ، پێی وایە ئەو چەند دارەی مامۆستا لە دەستی منداڵێکی دەدا پردی ئەو پەیوەندیە پیرۆزو توندو تۆڵەیە کە مامۆستاو قوتابیو خێزان پێکەوە گرێ دەدا. بیرکردنەوەیەك کە سەرچاوەی پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابیو خێزان بەدارکاری کردنی منداڵان پێناسە بکات چ جیاوازیەکی لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەو جەللادەدا هەیە کە تەنها بە ئەشکەنجەدان پەیوەندی خۆی بە زیندانیەکانەوە پێناسە دەکات بۆ ئەوەی ئیعترافیان پێ بکاتو تۆبەیان پێبکات. لە ڕاستیدا ئەمە فەرهەنگی مامۆستا نییە، ئەمە فەرهەنگ و بیرکردنەوەی دەسەڵاتێکی ئیستبدادییە.

لێرەدا هاوکات پێویستە ئەوە بڵێم کە قەدەغەکردنی توندوتیژی لەقوتابخانەکاندا تەنها بەبریارێکی وزاری بەری پێ ناگیرێت بەڵکو پێویستە یەکەم: ئەو بریارە بکرێتە قانونێکی ژمارەدارو دیاریکراوی دادگا، قانونێك کە لێدانو ترساندنو شکاندنی کەسایەتی منداڵان بە تاوان لە قەڵەم بدات کە بڕگەکانی بۆ هەموو خەڵك ئاشکراو ڕۆشن بێتو سەرپێچی کردنی ئەم قانوونەش بە بڕگەو خاڵی دیاریکراو سزای بۆ دیاری بکرێتو سەرپێچیکەریش لە دادگادا سزا بدرێت بەپێی ئاستی ئەو تاوانەی کردوویەتی.

دووەم: هاوکات دەبێ سیستمی ئەمرۆی خوێندن کۆتایی پێبێت و لەجێیدا سیستمێکی هاوچەرخ دابنرێت کە لەگەڵ توانایی و پێویستیو ئارەزووەکانی منداڵاندا بگونجێتو دابین بکاتو ڕێو شوێنی مامەڵەیەکی دروستو ئینسانی لەنێوان مامۆستاو قوتابیدا دابین بکاتو مامۆستای گونجاو لەگەڵ ئەو سیستمەدا لەقوتابخانەکانا دابمەزرێنێت. هەرچوونە پێشەوەیەك لەهەریەك لەم دوو مەیدانەدا هەنگاوێکی سەرکەوتووانەیە بۆ کۆتایی هێنان بەدیاردەی توندوتیژی لەقوتابخانەدا.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوەش بڵێم کەئەو خاڵانەی مامۆستا یوسف باسیان دەکات هەر لە کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابیان لەپۆلەکاندا، کەمکردنەوەی وانەکانی لەبەرکردنو گوێگرتنو زیادکردنی وانەکانی وێنەو مۆسیقاو وەرزش، زیادکردنی کاتی پشووی نێوان وانەکان، پاکو خاوێنی قوتابخانەکان خاڵی ئیجابیو شایەنی تەئیدکردنن. هەموو ئەوانەو زۆری تریش کە دەکرێ دابین بکرێن نموونەو شێوازێکن کە لەقوتابخانەکانی کۆمەڵگا مەدەنییەکانی ئەوروپادا بەئاستێکی باڵاتر هەنوودابین کراون، تەنها گۆشەیەکن لەگۆڕانکاریو ئیسلاحاتێك کە دەتوانێ هەلومەرجێکی باشتر بۆ قوتابیان دابین بکات. بەڵام ئەو خاڵانە زەمینەو پێش مەرجی جێبەجێکردنی بریاری سزانەدانی منداڵان نین ناکرێت بکرێنە بیانوو بۆ درێژە پێدانی توندوتیژی لەبەرامبەر منداڵاندا لەقوتابخانەدا.